# پـــارێزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە** [(SUL. G. (3404)] **ساڵی** ٢٠٢٥

**بانگهێشتی گشتی / کەمکردنەوەی کراوە**

## بۆ پرۆژەی: دروستکردنی ئاوەڕۆ بۆ گەڕەکی دەرسیم ٢٤ەکان لە دەربەندیخان (دووەم جار).

**پـــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا کان دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە، سەردانی بینای پـــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب. گریّ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار ی عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا . کرێی بلاّوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە پرۆژەکەی بۆ ئەسپاردە دەکرێت .

١- فرۆشتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٩/١٧) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠٢٥/١٠/١) لەکاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ .

٢- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢٠٢٥/١٠/٦) کاتژمێر (١٠:٠٠) ی پێش نیوەڕۆ دەبێت .

٣- ڕۆژی کردنەوە و ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژی (٢٠٢٥/١٠/٦) دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر کاتژمێر (١٠) ی پێش نیوەڕۆ لە پارێزگای سلێمانی/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان.

٤- ئەگەر ڕۆژی کردنەوە و ئاشکراکردنی تەندەر بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی دوای پشوەکە دەبێتە ڕۆژی کردنەوەی تەندەر.

٥- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

٦-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە (٢٤٠) دوو سەد وچل ڕۆژ) ڕۆژی ڕۆژمێری ) .

٧- پێویستە لەسەر کۆمپانیا پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ (٢) ی ساڵی (٢٠١٦) بێت.

٨- پێویستە لەسەر کۆمپانیا هەموو برگەکانی کتاب عطاء پڕ بکاتەوە.

٩- پێویستە کۆمپانیا وێنەیەك لە ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن بۆ ساڵی ٢٠٢٥.

١٠- پێویستە بەڕێوەبەری ڕێگە پێدراوی کۆمپانیا واژۆ بکات یان کەسێکی ڕێگە پێدراو (مخول) بەنوسراوی فەرمی دیاری بکات .

١١- پێویستە کۆمپانیا وێنەیەك لە پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان بهێنن کە پشتگیری کراون بۆ ساڵی ٢٠٢٥ .

١٢- پێویستە کۆمپانیا بڕیاری ڕەزامەندی دامەزراندنی کۆمپانیا پێشکەش بکات کە هاوپشکەکانی کۆمپانیای تێدا دیاری کراوە.

١٣- بارمتەی سەرەتایی بە بڕی (١٧,٠٠٠,٠٠٠) حەڤدە ملیۆن دیناری عێراقی بەچەکی پەسەندکراو یان خطاب ضمان بۆ ماوەی (١٤٨) ڕۆژ لە بەرواری داخستنی صندوقی تەندەر.

١٤- مەرج نییە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت .

١٥- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (١٢٠) سەدو بیست ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

١٦- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی (تحفظ) کاری لەسەرناکرێت و ڕەت دەکرێتەوە.

١٧- دەسەڵا تی گرێبەستکردن مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی نوسراوی سپاردن کۆمپانیاکان مافی داوای یاسایی /قەرەبوکردنەوەیان نابێت.

١٨- پێویستە کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

١٩- پێویستە کۆمپانیا لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێشکەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٢٠- پێویستە کۆمپانیا لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) و ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات .

٢١- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر دەرخستەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی دەربەندیخان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی بکات.

٢٢-کۆمپانیاکان بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر بەڵگەنامەکانی ستاندەردی ئەم پرۆژەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکانی پارێزگای سلێمانی هۆبەی چاودێری وراهێنان /کاروباری تەندەر بکات.

٢٣- کۆمپانیا بەشداربوەکان پێویستە تۆمار بن لە ناوەندی پەسەند کردنی دابینکاران هەرێمی کوردستان www.asc.gov.krd.

٢٤- و- پێویستە سەرجەم بواره داراییەکانی پێشکەشکراو لە لایەن کۆمپانیاوە پشتگیری کراو بێت لە لایەن ئەو بانکانەی کە تۆمارکراون لە سەکۆی (ئەلکترۆنی) (المنصه الرقمیه لکتب الکفاو ه المالیه وخطط التمویل ).

### ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن پێویستە پلەی پۆلێنکردنیان لە پلە (٢-٤) دا بێت، وەپێناسی پۆلێن کردنیان پێبێت کەلە (وەزارەتی پلاندانان) ی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوبێت و بەرواری بەسەر نەچووبێت وە هەروەها کاری هاوشێوەی هەبێت.

٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە دامەزراو بن بە پێی یاسا لەناو عێراقدا و لەفەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەوەزارەتی بازرگانی - حکومەتی ئیتحادی و /یان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەهەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی بنەمایی (اصولی)تۆمار کرابن وەهەروەها کاری هاوشێوەی هەبێت.

٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە دامەزراو بن بە پێی یاسا لەدەرەوەی عێراق و بەشێوەیەکی بنەمایی تۆمار کراوبن یان لقیان هەبێت لە هەرێمی کوردستان وەهەروەها کاری هاوشێوەی هەبێت.

تێبینی :

١-کۆمپانیا پێش کڕینی تەندەر بۆی هەیە سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات .

٢- بوودجەی پرۆژەکە لەسەر بوودجەی پەرەپێدانی پارێزگا وئیدارە سەربەخۆکان بۆ ساڵی (٢٠٢٤ - ٢٠٢٥ ).

کۆدی SRID ی پرۆژەکە (٢٤-٣٣-٠٠٧٢)

ئەحمەد عەلی ئەحمەد

جێگری پارێزگاری سلێمانی

وێنەیەك بۆ

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی ٢/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی شارەوانی دەربەندیخان / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن .
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان /کاروباری دارایی/فرۆشتنی تەندەر بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / کاروباری تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ ئاگادارتان.
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگادارتان.
- ماڵپەری www.sleman.gov.krd / پارێزگای سلێمانی بۆکاری بلاّوکردنەوەی .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٥٣٢١٩٣٩٧٣) وە بکەن لە پارێزگا/ کاروباری تەندەر.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەندازیاری ئامادەکردنی تەندەر | ئەندازیاری جێگیر تەندەر | ل.کاروباری تەندەر | بەڕێوەبەری گرێبەستەکان |